

## د. شاهۆ سەعید

# "هەندێك مادده لە دەستوری هەرێمدا هەن کە دژی عەلمانیەتن، هەر بۆ نموونە پیرۆزیبەخشین بە هەندێك سیمبولو بنەماڵە، ئەمە تەنها دژی دیموکراسی نییە، بەڵکو دژی ئەلفو بێی عەلمانیەتیشە"

ئامادەکردن و فۆتۆ: یاسین عومەر ئیبراهیم

**● نزیکەی مانگێك لەمەو پێش لە دەڤەری شێخان کارەساتێکی دڵتەزێن روویدا، کە تیایدا هێرشێکی توندوتیژو ناشرین کرایە سەر ماڵی میری ئێزدیانو خێزانە ئێزدییەکانی ئەو دەڤەرەو لە ئەنجامدا زەرەرو زیانێکی زۆر لە ماڵە ئێزدییەکانی ئەو ناوچەیە کەوت. ئەمەش لەبری ئەوەی گفتوگۆیەکی جدی لەسەر پرسی لێکبوردنو هەڵکردنی دیدو ئایینە جیاوازەکان لە کوردستاندا بێنێتە کایەوە، بەڵام بە داخەوە وەك هیچ روویندابێت رووداوەکە بێ قسەلەسەرکردنێکی جددی تێپەڕی. هەر لەو ماوەیەدا زۆرێك لە شوێنکەوتوانی ئایینە جیاوازەکان لە کوردستاندا سەبارەت بەو بەندەی کە لە دەستووری هەرێمدا هاتووەو ئایینی ئیسلامی وەك یەکێك لەسەرچاوە سەرەکییەکانی تەشریع داناوە ترسو سڵەمینەوەی خۆیان نیشانداو لەو بارەیەشەوە هەندێك رۆشنبیرو نووسەری کاکەیی داوایان کرد کە ناوی کاکەیی-یش لە دەستووردا بێتو بە ڕەسمی کولتورو فەرهەنگەکەیان بناسرێت، بەپێی ئاگاداری ئێمەش مەسیحییەکان ترسێکی هاوشێوەیان هەیەو ڕەنگە لە داهاتوودا ئەوانیش قسەی خۆیان بکەن. بۆئەوەی بەشدارییەکی ئەگەرچی بچووکیش بێت لەگفتوگۆیەکی جددیدا بکەین لەسەر ئەو بابەتە؛ لڤین د. شاهۆ سەعید؛ رۆشنبیرو مامۆستای زانکۆی سلێمانی دواند.**

**ئاگاداری خوێنەرانی لڤین-یش دەکەین کە ئیتر لەم ژمارە بەدواوە بەپێی توانا د. شاهۆ سەعید لەگەڵ خوێنەرانی لڤین-دا دەبێتو لەڕێگەی لڤین-ەوە لەسەر هەر رووداوێکی گەرمو گرنگ کە لەو مانگەدا روودەدات قسەو تێڕوانینی تایبەتی خۆی دەردەبڕێت..**

**لڤین: بەڕێز د. شاهۆ زۆر دەمێکە بەشێک لە رۆشنبیرانو بەتایبەتیش سیاسییەکانی کورد باس لەوە دەکەن کە کوردو کۆمەڵگای کوردی هەمیشە کۆمەڵگاو نەتەوەیەک بووە کە بەئاشتی لەتەک نەتەوەو مەزهەبو تایەفە جیاوازەکانی تری کوردستان ژیاوە. ئایا ئەمە ئیدعایەکی سیاسییانەی رووتە یان لە مێژوودا قووڵاییەکی هەیەو بەفیعلی ئەمە بوونی هەیە؟**

**د. شاهۆ:** ئەو وێنەیەی کە کورد لەسەر خۆی هەیەتی، یان ئەو وێنەیەی کە خەڵکانی تر لەسەر کورد هەیانە، زۆرجار وێنەی ناکۆكو دژبەیەكو هەندێك جاریش خورافیین، جا ئیتر وێنەی باش بێت یان خراپ. ئەڵبەتە ئێوە پرسیارەکەتان لە جێی خۆیدایەتی کاتێك گوتاری رۆشنبیرانی کورد دەربارەی تەسامو‌حو لێبوردەیی لە کوردستاندا دەخەنە پێش گوتاری سیاسییەکانەوە، چونکە هەندێك جار، رۆشنبیرەکان زۆر پەڕگیرترن تا سیاسییەکان، سەبارەت بە جوانکردنی وێنەی کورد بە ئەندازەی بەفریشتەکردنی، ئەوەش خۆی لە خۆیدا جۆرێکە لە پارسەنگی ئەو وێنە دزێوەی هەندێك لە راسیستو دەمارگیرە غەیرە کوردەکانە کە بۆ کوردی دەکێشن، کە دیارە هەندێکیان کورد دەبەنەوە سەر سولالەی دێوو درنجو وەك کۆمەڵێك رێگرو چەتە تەماشایاندەکەن. سەدەی رابردوو، سەدەی وێنە خورافییەکانی کورد بوو، بەهەردوو دیوە جوانو ناشرینەکەیدا، بۆیە پێویستە چیتر زەینیەتی مێژوویی‌و سۆسیۆلۆجیی خۆمان لەو وێنە خورافییانە پاکبکەینەوەو لە رێگای دۆکیۆمێنتو هەڵکۆڵینی زانستییانەوە، باس لە کۆمەڵگاو مێژووی خۆمان بکەین، تەنها لەو رێگایەشەوە دەتوانین بە شێوەیەکی لۆجیکی‌و زانستی بەرپەرچی شۆڤێنی‌و دەمارگیرە غەیرە کوردەکان بدەینەوە، کاتێك هەموو جوانی‌و میهرێك لە کورد دادەماڵن.

تەسامو‌حو لێبوردەیی هەر نەتەوەو کۆمەڵگایەك بەوە دەپێورێت کە تا چەند لەناو خۆیدا توانای لێبوردنو پێکەوەژیانی هەیە. کورد، تا مێژوویەکی نزیکیش، وەك چەند خێڵو تیرەیەك کە هەندێکیان کۆچەری‌و هەندێکیان نیشتەجێ بوون، ژمارەیەکی

کەمیان شارنشینو زۆربەیان گوندنشین بوون، ملکەچی هەموو ئەو نەریتە کۆمەڵایەتیو ئایینیو جەبرە ژینگەییانە بووە کە وەك ئیبن خەلدون دەڵێت؛ ململانێی بەردەوامی خستووەتەوە. ململانێو شەڕو کوشتاری نێوان کوردو کورد، هەمیشە وەك کارتێك لەلایەن داگیرکەرانی کوردستانەوە بەکارهاتووە بۆ نکوڵیکردن لە قەوارەی کۆمەڵایەتیو سیاسیی کوردی. کەمینە نەتەوەییو ئایینییەکانی کوردستانو خۆرهەڵات بەگشتی، بە مەبەستی پارێزگاریکردن لە خۆیان، هەمیشە تایەفەی بچوكو داخراوی تایبەت بە خۆیان دروستکردووە، تا لە رێگای کولتوورو نەریتو ژنو ژنخوازییەوە تێکەڵ بە زۆرینە نەبنو خۆیان پابەندی چەندین عورفو یاسای سەخت کردووە، تا پارێزگاری لە خۆیانو زمانو کولتوورو عەقیدەی تایبەت بە خۆیان بکەن. داخراویی ئەو تایەفانە، وەك ئێزدیو مەسیحیو بەشێکی زۆری کاکەییەکان، کە سروتە نهێنییو تایبەتمەندییە عەقایدیو کولتوورییەکانی خۆیان بۆ چەندین سەدە پاراستووەو بەئاستەم ژنو ژنخوازییان لەگەڵ غەیری خۆیان کردووە، بەڵگەی ئەوەیە کە ترسێکی گەورەیان لە تواندنەوە لە بۆتەی زۆرینەدا هەبووە.

ئەگەر نەرمییەك لە کوردستاندا هەبووبێت بەرامبەر بە کەمینەکان، ئەوە بەشێك بووە لەو کولتوورە کۆمەڵایەتییەی کە بەر لە سەرهەڵدانی بیرۆکەی ناسیۆنالیزم لە ناوچەکەدا بەگشتی هەبووە، لەوەبەدواوە رقو خواستی پاکتاوکردنی ئێتنیو ئایینیو بەنزمتەماشاکردنی کەمینەکان باڵی بەسەر ناوچەکەدا کێشاوەو هەموو کۆمەڵگاو نەتەوەکان، تا ئەو ئاستەی پێیانکراوە، لە بەکارهێنانی توندوتیژی بەرامبەر کەمینەکان، دریغییان نەکردووە. کورد لەو بەینەدا، کەمترین توندوتیژیی پێڕەوکردووە، نەك لەبەرئەوەی لێبوردە بووە، بەڵکو لەبەرئەوەی خۆی بەبەراورد لەگەڵ عەرەبو فارسو تورکدا، کەمینە بووەو قوربانی دەستی زۆرینە گەورەکان بووە. ئەگەرنا لە کوردستانیشدا چەندین کەمینە کۆچی بەلێشاویان کردووەو پاش سەرهەڵدانی توندوتیژیی ئایینیو نەتەوەیی، هەستیان بە ئارامیی کۆمەڵایەتی، لەق بووە. کۆچی بەلێشاوی جوولەکەکانی کوردستان بۆ ئیسرائیل، نموونەیەکی زیندووە لەوبارەیەوە. ئەڵبەتە وێنەی نێگەتیڤی جوولەکە لە خەیاڵدانی زۆرینەی کورددا، بێجگە لەم ساڵانەی دوایی، هەمان ئەو وێنەیە بووە کە لە زەینیەتی موسڵمانانددا هەبووە. تەنانەت زۆرینەی کورد، نەیتوانیوە ئیغرایەکی شارستانی ئەوتۆ بخاتە بەردەم کەمینەکان تا کارلێكو پەیوەندیی کولتووریان لەگەڵ دروستبکات، بۆ نموونە؛ مەسیحییەکانی هەولێر تا ئێستا کۆمیونیتییەکی داخراو پێکدێنو لە رووی کولتوورو زمانەوەو کارلێکی ئەوتۆیان لەگەڵ کورددا نییە، بەهەمانشێوە ئێزدییەکانی بادینانو کاکەییەکانی ناوچەی سلێمانیو کەرکوك، تا ئەندازەیەکی زۆر، داخراونو ترسیان لە فەوتانی قەوارەی ئایینیو کولتووریی خۆیان هەیەو زۆرجاریش تاوانی گەورەیان دەرهەق کراوە. بەڵام داخرانی ئەو تایەفانە، خۆی لەخۆیدا جۆرێك بووە لە پەرچەکردار لە ئاست داخرانی پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵگای کوردییدا، کە کۆمەڵگایەکی نەریتییەو لەو کۆمەڵگایانەیە کە جیاوازییەکانی ناوخۆی پاکتاودەکاتو وەك کۆمەڵگایەکی یەکڕەنگو یەك عەقیدەو یەك مەزهەب خۆی نمایشدەکات.

قبوڵنەکردن، یان پەراوێزخستنی جیاوازیی کۆمەڵایەتیو ئێتنییو ئایینی، دەردی هەموو کۆمەڵگا داخراوەکانە بە کۆمەڵگای کوردیشەوە، گرفتێکە لە یەککاتدا بەهەموو بنیاتی کۆمەڵایەتیو هەموو جومگە سیاسیو کولتوورییەکاندا، بڵاودەبێتەوەو قابلی دابەشبوون نییە. واتە هەڵەیە گەر بڵێین کورد جیاوازییە ئێتنیو مەزهەبییەکان زیاتر قبوڵدەکات تا جیاوازییە سیاسییو حزبییەکان. کولتووری نکوڵیکردن لە جیاوازی، قابلی دابەشبوون نییە، بۆ نموونە؛ پاکتاوکردنی جیاوازییە سیاسیو حزبییەکان، تەنانەت پاکتاوکردنی جیاوازییەکانی ناو یەك حزبیش، دیوی دووەمی هەمان ئەو پاکتاوکردنەیە کە لەسەر ئاستی کولتووریو رۆشنبیریو ئێتنیو ئایینی هەیە. توندڕەویو راسیزمو بەنزمتەماشاکردنی ئەوی تر، کێشەیەکی سایکۆپاتیو نەخۆشییەکی عەقائیدییە، بۆ نموونە؛ ئەگەر یەکێك حزبییەکی توندڕەو بێتو جیاوازییە حزبییەکان نەسەلمێنێت، ئەوا وەك (تەحسیل حاسل)، لە سیاقێکی تردا، رەگەزپەرستێکی توندڕەوەو جیاوازییە ئێتنیو ئایینییەکانیش نابینێت. واتە توندڕەوی دەبێتە مەنهەجی بیرکردنەوەی کەسی توندڕەوو دەبێتە پێوەرێك بۆ حوکمدان بەسەر هەموو پرسەکاندا.

## مەسیحییەکانی هەولێرو ئێزدییەکانی بادینان و کاکەییەکانی سلێمانی و کەرکوك ترسیان لە فەوتانی قەوارەی ئاینییو کولتوریی خۆیان هەیەو زۆرجاریش تاوانی گەورەیان دەرهەق کراوە

گەر کۆمەڵگایەك سیخناخ بێت بە بوغزی ناوەکیو حزبیو سیاسیو دەستەگەری، گەر لەنێو پێڕەوانی یەك ئایینیشدا، چەندین بوغزی مەزهەبیو تەریقەتی ئایینیو ململانێی سەختو تەقلیدی هەبێت، ئیتر چۆن دەتوانین باس لە پرەنسیپی قبوڵکردنی جیاوازییە ئێتنیو ئایینییەکان بکەینو باس لە تەساموح بکەین وەك بەهایەکی کولتووری.

چەمکی کەمینەو زۆرینە بەندە بەو سیاقەوە کە بەرهەمی دەهێنێت، کەمینەی هەمیشەییو زۆرینەی هەمیشەیی بوونی نییە، کەمینە لە هەندێك سیاقدا، دەبێتە زۆرینە، ئەڵبەتە تەنها مەبەستم کەمینەو زۆرینەی سیاسی نییە، بەڵکو ئەمە یاسایەکە کەمینەو زۆرینەی ئێتنیو مەزهەبییش دەگرێتەوە. بۆ نموونە؛ ئەگەر عەرەب لە باشووری عێراق زۆرینە بێت، ئەوە عەرەبەکانی کوردستان کەمینەنو دەبێت وەك کەمینە مافەکانیان دەستەبەربکرێت. چارەنووسی دیموکراسیو پاراستنی کەرامەتی مرۆڤ لە کوردستاندا، بەندە بە زامنکردنی مافی هەموو کەمینەکان. گەر مافی عەرەبو تورکمانو ئێزدیو مەسیحیو عەرەبەکانی کوردستان، پارێزراو نەبێت، ئەوا مافی کەمینە سیاسیو حزبییەکانیش، پارێزراو نابێت.

**"ئازادی ئاینیی تەنها لەو وڵاتانەدا بەرقەرارە كە عەلمانین. ئەو وڵاتانەی كە سیستمێكی ئاینییان تێدا پەیڕەودەكرێت ئازادی ئاینیی تەنها بۆ ئاینێك یان مەزهەبێكی دیاریكراوەو ئەوانی تر لێیبێبەشن"**

چونكە یەكێتییەكانی بادینانیش وەك مەسیحییەكانو ئێزدییەكانی ئەوێ كەمینەن، هەروەك چۆن پارتییەكانی سلێمانی كەمینەن. هەموو نەغمەیەكی شۆڤێنی دژی كەمینە ئیتنیو مەزهەبییەكان، دیوی دووەمی نەبرەیەكی دیكتاتۆرییە دژی دیموكراسیو دژی قبوڵكردنی جیاوازیی سیاسی. نەغمەیەكی شۆڤێنی لەم چەند ساڵەی دواییدا دەبیسترێت كە بوغز دژی كەمینەكان دەبەشێتەوە، بۆ نموونە؛ هەندێك لە هەڵگرانی ئەو نەغمەیە بۆ پارسەنگی شۆڤێنیەتی تۆرانیزم دژی كورد، نەغمەیەكی شوڤێنی دژی توركمانەكانی كوردستان بەكاردەهێنن. هەندێكیان پارسەنگی نەغمەی شۆڤێنییە عەرەبەكان بەوە دەدەنەوە كە دژی كرێكارە عەرەبەكانی كوردستان قسەدەكەن، ئیتر رۆژانە چەندین نموونەی ترمان لەوبارەیەوە بەرچاوو گوێ دەكەوێت، كە جۆرێكە لە موزایەدەی ترسناكو ترسنۆكانە.

**لڤین: دیاریكردنی ئیسلام بە یەكێك لە سەرچاوە سەرەكییەكانی (تشریع) لە دەستووری هەرێمی كوردستاندا، بەشێكی زۆری مەسیحیو ئێزدیو غەیرە موسڵمانەكانی تری نیگەرانكردووە. دەپرسم ئایا ئەو نیگەرانییە لە جێی خۆیدایە یان نا؟ چی بكرێت بۆ ئەوەی مافی ئەو نەتەوەو ئاینە جودایانە لە كوردستاندا پارێزراو بن؟**

د. شاهۆ: لە سیستمێكی دیموكراتیدا، تاقە سەرچاوەی تەشریع تەنها گەلو ئیرادەی ئازادانەی گەلە، لەوە بترازێت، سەپاندنی هەر سەرچاوەیەكی پێشوەخت، زەوتكردنی ئەو مافەیە. بەم مانایە، بڕیاردان لەسەر شەریعەتی ئیسلام وەك سەرچاوەیەكی پێشوەخت نەك تەنها مەسیحیو ئێزدییەكانی كوردستان نیگەراندەكات، بەڵكو موسڵمانە عەلمانییەكانیش نیگەراندەكات، چونكە ئەگەر گەل بڕیاری ئەوەی دابێت، شەریعەت بكاتە سەرچاوەی یاسا، بەتایبەتی لە بواری ئەحوالی شەخسیدا، ئیتر ئەو ماددەیەی دەستوور پێویستناكاتو دەستبەجێ یاساكان بەگوێرەی ئیرادەی گەل دادەڕێژرێن. بەهەمانشێوە ئەگەر گەل بڕیاری نەدابێت شەریعەت بكاتە سەرچاوەی یاسا، بەتایبەتی لە بواری جنایاتو ئازادییە شەخسییەكاندا، هەمان كۆدژیی لەنێوان ئیرادەی گەلو ئەو سەرچاوە پێشوەختەی تەشریعدا دروستدەبێت. پرسیارەكە ئەوەیە؛ ئایا پرۆژەكەی دەستوور، شەریعەتی ئیسلام وەك تاقە سەرچاوەی یاسادانان لەقەڵەمدەدات یان وەك سەرچاوەیەك لەپاڵ سەرچاوە مرۆییە وەزعییەكاندا؟. هێندەی من ئاگادار بم، لە پرۆژەكەدا شەریعەت تەنها سەرچاوەیەكە لەپاڵ چەندین سەرچاوەی تردا، لە حاڵەتێكی واشدا، سەرچاوەیەكی مولزیم نییەو لەو بڕوایەشدام تەنها بۆ رازیكردنی لایەنە ئیسلامییەكان دانراوە.

دەستووری دیموكراتی لەسەر بنەمای هاوڵاتیبوونو وەكیەكییەكی تەواو لەنێوان هەموو هاوڵاتیانو هەموو گرووپە ئیتنیو ئاینییەكاندا دادەڕێژرێت. دەستووری دیموكراتی، هیچ پێناسەیەكی ئاینی یان ئیتنی بە دەوڵەت نابەخشێت. ئەڵبەتە تێگەیشتنێكی هەڵە سەبارەت بە عەلمانیەت هەیە كە یەكسانیدەكاتەوە بە بێدینی، بەڵام ئەو تێگەیشتنە زۆر دوورە لە راستییەوە، چونكە ئازادیی ئاینی تەنها لەو وڵاتانەدا بەرقەرارە كە عەلمانین. ئەو وڵاتانەی كە سیستمێكی ئاینییان تێدا پێڕەودەكرێت، ئازادی ئاین تەنها بۆ ئاینێك یان مەزهەبێكی دیاریكراو دابیندەكرێتو ئەوانی تر لەو ئازادییە بێبەشن. بۆ نموونە؛ لە وڵاتێكی وەك عەرەبستانی سعودی، كە وڵاتێكی دینییە، ئازادی ئاین تەنها بۆ موسڵمانان دابینكراوە، واتە مەسیحیو بودیو هیندۆسیو خاوەن ئاینەكانی تر، بۆیان نییە بەئازادی لە شوێنە گشتییەكاندا رێورەسمی ئاینی خۆیان جێبەجێبكەن یان بانگەشە بۆ عەقیدەی خۆیان بكەن. لەناو موسڵمانانیشدا، ئازادیی ئاینی تەنها بۆ سوننە دابینكراوە، شیعەكان بۆیان نییە بانگەشە بۆ مەزهەبی خۆیان بكەن یان بەپێی عەقیدەی خۆیان كاروباری خۆیان رێكبخەنو سرووتی ئاینی جێبەجێبكەن، تەنانەت سیستمی خوێندن لە ناوچە شیعەنشینەكانی سعودیە بەگوێرەی مەزهەبی وەهابیو دیدو بۆچوونی سەلەفییەكان داڕێژراوە كە هەندێكیان شیعە بە كافر لەقەڵەمدەدەن. لە سعودیە تەنانەت لەناو ئەهلی سوننەشدا، ئازادیی تەواو تەنها بۆ مەزهەبی سەلەفیو وەهابی دابینكراوەو ئەو سوننییانەی كە سۆفیگەرن یان بڕوایان بە مەزهەبی ئەقڵیی هەیە، بۆیان نییە بەئازادی تێزەكانی خۆیان پێشكەشبكەن یان رێورەسمی ئاینیو چوونەسەرقەبرانو رازاندنەوەی مەزارەكان ئەنجامبدەن..، تەنانەت لە ناوەندەكانی خوێندنو كۆلێژەكاندا، بەتایبەتی كۆلێژەكانی شەریعەو فیقهـ، خوێندنی لۆجیك(مەنتیق) حەرامكراوە كە زانستێكە زۆربەی زانا ئاینییەكانی سوننە وەك بەشێك لە خوێندنی ئاینیی دەیخوێنن. بەڵام دواجار لەناو سەلەفیو وەهابییەكانیشدا، تەنها ئەوانە لەپێشن كە دیدو بۆچوونیان لەگەڵ بنەمای فەرمانڕەوایەتیی ئەو وڵاتەدا دەگونجێت. لەو نێوەندەدا تەنها ئەو كەسانە زەرەرمەند نین كە عەلمانین، بەڵكو ئاینو مەزهەبەكانی تریش زەرەرمەندنو ئازادیی عەقیدەو رێورەسمی ئاینییان لێ حەرامكراوە. دۆخێكی لەو جۆرە، لە ئێرانیشدا بەدیدەكرێت، بەڵام لەوێ بەپێچەوانەی سعودیەوە، سوننەكان وەك هاوڵاتی پلەدوو تەماشادەكرێنو لە زۆر پۆستو بەرژەوەندیی سیاسی بێبەشدەكرێن، چونكە دەستووری ئەو وڵاتە لەسەر بنەمای مەزهەبی شیعە

دامەزراوە، لە کاتێکدا شیعەو غەیرە شیعە، موسڵمانو غەیرە موسڵمان، ئایندارو بێئایینی تێدایە.

لە دەوڵەتی ئایینیدا، پلەبەندیی ئایینی هەیە، ئەو هاولاتییانەی ئایینیان وەك ئایینی دەوڵەتو دەسەلاتدارانە، هاولاتیی پلەیەکنو بۆیان هەیە بە ئازادی ڕێوڕەسمی ئایینیی خۆیان جێبەجێبکەنو بە ئازادی بانگەشە بۆ بەرنامەی خۆیان بکەنو قوتابخانەو ناوەندەکانی خوێندنو زانکۆ بەکاربهێنن بۆ بانگەشەی مەزهەبی، لە بەرامبەردا، ئەوانەی کە ئایینو مەزهەبیان وەك هیی دەسەلاتی سیاسی نییە، بە هاولاتی پلەدوو و پلەسێ تەماشادەکرێنو لە ماڵەکانی خۆیانو لە شوێنە زۆر تایبەتەکانی خۆیاندا نەبێت، ناتوانن خواپەرستی بەوشێوەیە بکەن کە خۆیان دەیانەوێت، هەروەها بێبەشدەکرێن لە زۆر مافی سیاسیو مەدەنی، بۆیان نییە بیر لە پۆستە بالاو ناوەنجیو تەنانەت نزمەکانی دەوڵەتیش بکەنەوە. بەلام لە دەوڵەتی دیموکراتیدا، ئازادیی ئایینی بۆ هەموو خاوەن ئایینو مەزهەبو عەقیدە جیاوازەکان دابینکراوە، بۆ نموونە؛ لە ولاتانی خۆرئاوادا، پاش شەڕی خوێناویی نێوان مەزهەبە مەسیحییەکان، گەشەی ئەزموونی دیموکراتی ئەوەی خواست کە ئازادیی ئایینی بۆ هەموان دابینبکرێتو ڕێگە بە هیچ مەزهەبێكو هیچ عەقیدەیەکی ئایینی نەدرێت حەقیقەت بۆ خۆی قۆرخبکات. ئێستا لەو ولاتانەدا، بێجگە لە فەرەنسا، موسڵمانو بوودیو هیندۆسییە کۆچەرییەکان بۆیان هەیە بە ئازادی بانگەواز بۆ خۆیان بکەنو مزگەوتو پەرستگا بنیاتبنێن، هەروەك چۆن مەسیحیو جوولەکەکانو دانیشتووانی ڕەسەنی ئەو ولاتەش، ئەو مافەیان هەیە. لەو ولاتانەدا جیاوازیی لەنێوان مەزهەبەکانی وەك پرۆتستانتو کاسۆلیكو ئەرسەدۆکسی مەسیحییدا ناکرێت، هەروەك چۆن بۆ پەناهەندەکان ئەو مافو ئازادییانە دابینکراونو جیاوازیی لەنێوان شیعەو سوننەو سەلەفیو سۆفی و ئێزدیو مەندایيو کاکەییەکاندا ناکرێت. بەلام لە بەرامبەر ئەو ئازادییە ئایینییەدا، ئازادیی عەقیدە بۆ ئەو کەسانەش دابینکراوە کە بڕوایان بە ئایین نییەو کەس بۆی نییە ئەوانیش بچەوسێنێتەوە. عەلمانیەت دژی ئایین نییە، بەڵکو دژی ئەوەیە ئایینێکی دیاریکراو یان عەقیدەیەکی دیاریکراو بەزۆر بسەپێنرێت بەسەر خەڵکدا، ئیتر ئەو عەقیدەیە ئایینی بێت یان ئیلحادی. لێرەوە ناتوانین یەکێتیی سۆڤێتی پێشوو و ولاتە کۆمۆنیستەکان بە عەلمانی لەقەڵەمبدەین، چونکە لەو ولاتانەدا مارکسیزم بووە ئایینێك لە جێی ئایینی ئاسمانیداو بەگوێرەی دەستوور پیرۆزیی پێدەبەخشرا. هەروەها لە تورکیا، کە ئیدعای عەلمانیەت دەکرێت، کەمالیزم بووەتە ئایینێکی پیرۆزکراو کە لە سەروو ڕەخنەوەیە، تەنانەت عەلمانیەتی فەرەنساش، عەلمانیەتێکی ئایدیۆلۆجییەو خەریکە خودی عەلمانیەت دەبێتە عەقیدەیەکی پیرۆزو دەبێتە بەهانەیەك بۆ زەوتکردنی ئازادیی ئایینیو بەرتەسککردنەوەی ئازادییە شەخسییەکان.

**لڤین: چەند ئەندام پارلەمانێک هەستان بە پێشکەشکردنی داوایەک بۆ لابردنی ماددەی حەوت لە پرۆژەی دەستووری هەرێمو زیاتر لە (٤) هەزار ئیمزایان کۆکردەوە بۆ (بەعەلمانیکردن)ی دەستووری هەرێمی کوردستان. ئەم هەوڵە چۆن دەبینن‌و زەرورەتی (بەعەلمانیکردن)ی دەستووری هەرێم لە ئێستادا تا چەندێکە؟ ئەو بە عەلمانیکردنە تا چەندێک گرەنتی پاراستنی نەتەوەو مەزهەبو ئایینە جوداکان دەدات لە کوردستاندا؟**

**د. شاهۆ:** ئەڵبەتە هەروەك چۆن بۆ پاراستنی مافی کەمینە سیاسیو حزبییەکان، پێویستمان بە دیموکراسی هەیە، بەهەمانشێوە بۆ پاراستنی مافی کەمینە ئایینییەکانو مافی ئەو خەڵکەی دیدو بڕوای ئایینییان نییە، پێویستمان بە عەلمانیەت هەیە. بەلام ئەمە مانای ئەوە نییە کە باسکردنی عەلمانیەت هەمیشە نیازێکی دیموکراتییانەی لەپشتە، چونکە هەندێك ماددەی تر لە پرۆژەی دەستووردا هەن کە دژی عەلمانیەتن، بەلام بازیان بەسەردا دەدرێت. بۆ نموونە؛ پیرۆزیبەخشین بە هەندێك سیمبولو بنەماڵە، بە پاساوی کوردایەتیو پێشمەرگایەتی، کە لە پرۆژەی دەستووردا هاتووە، تەنها دژی دیموکراسی نییە، بەڵکو دژی ئەلفو بێی عەلمانیەتیشە. بۆیە ئەگەر ئیدعای عەلمانیەت لەژێر چاودێریی بەردەوامی ڕۆحیەتی دیموکراتیدا نەبێت، ئەوا بە لاڕێدا دەبرێت. لێرەوە ناتوانین باس لە عەلمانیەت بکەین بەبێ دیموکراسی، هەروەك چۆن ناتوانین باس لە دیموکراسی بکەین بەبێ بوونی دەوڵەتێك کە مافی هەموو ئایینو مەزهەبو عەقیدەکانی وەك یەك سەلماندبێت. عەلمانیەت واتە یەکسانکردنەوەی هەموو هاولاتیان لەبەردەم یاسادا، بێ جیاوازیی ئایینیو ئیتنیو عەقائیدی. هاولاتیان هەر ئایینو مەزهەبو ئایدۆلۆجیایەکیان هەبێت، سەر بە هەر نەتەوەو ڕەگەزو ناوچەیەك بن، هەر ڕەنگو مەیلێکیان هەبێت، لەبەردەم یاسادا یەکسانن‌و دەبێت یاسا مافەکانیان وەك یەك بناسێنێت، نابێت کەس لەسەر عەقیدە یان لەسەر گۆڕینی ئایینو عەقیدەی خۆی، سزابدرێت، هەروەك چۆن نابێت کەس بە هۆی بۆچوونو دیدی تایبەتی خۆی بەرامبەر پرسە سیاسیو حزبیو دنیاییەکان سزابدرێت. گەر لەو پرەنسیپانە وردبینەوە کە عەلمانیەت جەختی لەسەر دەکاتەوە، دەبینین هەمان ئەو پرەنسیپانەیە کە دیموکراسی تەئکیدیان لەسەر دەکاتەوە.

هەروەك چۆن مرۆڤەکان لە مەیلو ئینتیمای سیاسییدا لە یەك ناچن، بەهەمانشێوە لە مەیلو ئینتیمای ئایینیو عەقایدییشدا لە یەك ناچن، تەنانەتە وێنەی خوا لای ئەو ئایندرانەی کە بڕوایان بە یەکتاپەرستیو یەکخوایی هەیە، لە یەك ناچێت، چونکە هەروەك ئیبن عەرەبی دەڵێت: هەریەکەمان بڕوامان بەو خوایەیە کە خۆمان وێنایدەکەینو دەیناسین. بۆ نموونە؛ لای مەسیحییەکان خواوەند پەیوەندییەکی ئۆرگانی لە ڕێگای عیساوە لەگەڵ مرۆڤدا هەیە، بەلام موسڵمانەکان عەقیدەیان لەوبارەیەوە جیاوازە، تەنانەت لەناو خودی موسڵمانەکانیشدا دوا بڕیار لەوبارەیەوە مەسەلەیەکی خیلافییە، بۆ نموونە؛ وێنەی خوا لای شیعەیەك هەمان وێنەی خوا نییە لای سوننییەك، وێنەی خوا لای تەکفیرییەك هەمان وێنەی خوا نییە لای ئایندارێك کە بڕوای بە لێبوردن هەیە. بۆیە سەلماندنی پرەنسیپەکانی عەلمانیەت بۆ ئاینداراەکانیش پێویستە، تاوەکو هیچ ئایندارێك وێنای خۆی بۆ ئایین بەسەر ئایندارێکی تردا نەسەپێنێت. لە کۆتاییدا دەڵێم: ئێمە لەبەردەم کێشەیەکی دووفاقیداین، لەبەردەم شەڕێکی فیکریداین کە لە دوو بەرەوە پێویستی بە بەرەنگاری هەیە، چونکە هەوڵو کۆششێکی زۆر لەلایەن حزبە ئیسلامیو حزبە نائیسلامییەکانیشەوە هەیە بۆ جیاکردنەوەی دیموکراسی لە عەلمانیەت. هەرچی حزبە ئیسلامییەکانە، دیموکراسییان بەبێ عەلمانیەت دەوێت، هەرچی حزبە نائیسلامیەکانیشە، عەلمانیەتیان بەبێ دیموکراسی مەبەستە. لەم بەینەدا هەندێك جار لەبەردەم هەڕەشەی ئیستبدادی ئایینییداینو هەندێك جاریش لەبەردەم هەڕەشەی دیکتاتۆریەتی عەلمانییداین.